# ببووره ئەودەمەی تۆ دەمردیت

# ئێمە خەریکی سوێندخواردن بووین!!!

د. ڕەوشت ڕەشید

ببورە کۆڤان گیان.. نامەکەم درەنگ گەیشت, لەم ولاٌتەدا نامەکان هەمیشە درەنگ دەگەن ! داوای لێبوردن وئەسەفەکانمان کاتێك دەگەن کە هیچ مانایەك بۆ ئەسەف ولێبوردن نامێنێتەوە.

ببوورە کۆڤان گیان.. کە کورد نەیتوانی (ئەمپولێك) بۆتۆ دابینکات و, وابکات تۆش بچیت بۆ مەکتەب, گۆانی خوایە وەتەن ئاواکەی بلێیت. ببورە گریانی تۆ, دوایین هەناسەکانی تۆ بچوکتربوون لەوەی بگەنە گوێی بەرپرس وپارێزەرانی ولاٌت, سیماو پاڕانەوەکانی تۆ کالٌتر بوون لەوەی کامێراو تەلەفزیۆن ومیدیای کوردی بیانبینێت. ببورە کۆڤان گیان.. ئەو دەمەی تۆ دەپاڕایتەوە بۆ ژیان کورد سەرقالٌی دۆزو مەسەلەی گرنگتر بوو لە مردنی منداڵێك. ئەو دەمەی تۆ دەمردیت کۆڤان گیان کورد خەریکی یەکلاییکردنەوەی قودس ودڵی کوردستان بوو. ئەو دەمەی تۆ دەپاڕایتەوە کە نەمریت, کورد خەریکی دابەشکردنی دەسەلاٌت بوو, کورد خەریکی ئەوەبوو دڵنیابێت کە کێ تارۆژی قیامەت حوکمران بێت, کێ جێگری نەبێ و کێ جێگری کێ بێت.

کۆڤان گیان ڕەنگە تۆ نەزانیت بەلاٌم کورد هەمیشە کێشەی گەورەتر لەژیانی منداڵێکی هەبووە, کورد هەمیشە خەریکی مەسەلەی گرنگ ومەزنی وا بووە کە نەکراوە لەگەڵیا بیر لەمردنی سادەو ساویلکەی منالٌێك بکرێتەوە.

دەبێ ئێوەی مندالٌ بزانن کە ئاوڕدانەوە لە مردنی زارۆیەك لەناو کێشە سیاسی ومێژوییە گەورەکان ئەمنی قەومی ولاٌت دەخاتە قەیرانەوەو پرۆسەی دیموکراسی وگەیشتن بە خەونەکانی نەتەوە دوا دەخات.دەبێ بزانن کە چیدی حیزب دایکی منالٌێك نیە کە بێدایکەو باوکی منالٌێك نیە کە بێباوکە, دەبێ ئیدی ئێوە بزانن کە حیزب کێشەو مەسەلەی گرنگتری هەیە, نیشتیمان میزاجی مندالٌی نەماوە , سیاسەت ئیستیعابی گریان ناکات .بۆیە ئێوە دەبێ هەندێ جارگریانەکانتان ,حەزەکانتان بۆ ژیان, هەناسەکانتان, نوزەو پاڕانەوەکانتان دوابخەن و, کورد لەناو پێگەو هەلٌوێستە نەتەوەیی و نێودەولەتیەکان ئیحراج وشەرمەزار نەکەن.مەگریێن بۆمردن , مەپاڕێنەوە بۆ ژیان, با کورد شرمەزار نەبێ.

ببورە کۆڤان .. ئەو دەمەی تۆ بۆ ژیان دەگریایت کورد خەریکی ئاهەنگێك بوو کە نەدەکرا لەناو ئاپۆرەی ئاهەنگێکی وەهادا ئاوڕ لە گریانی منداڵێك بدرێتەوە. ببورە ئەو ئەمپولەی کە بۆ ژیانی تۆ پێویست بوو , گران دەوەستا بۆسەر بودجەو ئابووریی حکومەتە ساواکەی ئێمە!! ئاهەنگ ودەعوەت ووێنەو پەڕۆ و پۆستەرو لافیتەکانیش زۆریان تێچووبوو, نەدەکرا مەسرەفی ئەو ئەمپولەی تۆشی بێتەسەر.

ببوره كۆڤان گیان ئەودەمەی تۆ سوێندت دەخوارد كە ئەگەر فریات نەكەوین دەمریت, كوردێك خەریكی سوێندخواردن بوو كە ( ماف ودەسكەوت وبەرژەوەندیەكانی كورد بپارێزێت), ئەمانەش هەمووی لە مردنی منداڵێك گرنگترن.
چەپڵەو گۆرانی وچراكان نەیانهێشت گوێمان لە هەنسكەكانی تۆ بێت.
كۆڤان گیان ببورە كە (كورد) هیچی پێنەكرا بۆتۆ. من وەك پزیشكێك لە بەرامبەر نەبوونی ئەمپولێك بۆ ژیانی تۆ, وەك كوردێك لە بەرامبەر مردنی بێدەنگی تۆو هەزاران منالّی دیكەی هاوڕانت... شەرمەزارم.

كۆڤان منالێكی كوردی خەڵكی كەركوك بوو, ماوەیەك بەر لەئیستا توشی نەخۆشیەك هات وپزیشكەكان گوتیان پێویستی بە ئەمپولێكە كە لە كوردستان نیە, كەسوكاری كۆڤان زۆر پارانەوە كە بەرپرسانی كورد شتێكی بۆ بكەن, كەچی هیچ نەكراو.... كۆڤان مرد.